سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی لە سەرۆک کۆماری ئازەربیجان دەکات

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئیلهام عەلییەف سەرۆک کۆماری ئازەربایجان پیرۆزبایی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرکایەتیدا لەکرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لەمیانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، کە ئەمە چوارشەممە, ئەنجامی دا، سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید هیوای سەرکەوتنی بە ئیلهام عەلییەف خواست لە ئەرکی سەرکایەتی و درێژدان بە ڕێی گرنگی لە بەدیهێنانی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی بە گەلی ئازەربیجانی دەست.

هەروەها سەرۆک کۆمار ویستی عەراقی بە چەسپاندنی پەیوەندییەکان لە بوارە جەراوجەرەکاندا دەربڕی، بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو وڵات و گەلی دەست بەدەستبهێنێت و ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە و جیهاندا بەرقەرار بکات.

لای خۆیەوە، سەرۆک ئیلهام عەلییەف سوپاس و پێزانینی خۆی بە سەرۆک لەتیف جەمال رەشید دەربڕی بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە و پیرۆزباییکردن لێی لەپای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئاماژەی بە سەردانە سەرکەوتوەکەی سەرۆک کۆماریش کرد، کە لە ماوەی رابردودا بە ئازەربایجان ئەنجامی دا، هەروەها جەختیکردەوە لەسەر ویستی پەرەپێدان و پەشخستنی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات

و گلی دست